www.kurdistannet.org
2-2-2006 12:46 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دوا شیعر ... عەباس ساڵح عەبدوڵا

لەدوای تۆ..
کەلاوەیەیەك دەکەم بەماڵ و
شێتێ دەکەم بەهاوسەرم
زرە درەختێکی سوتاویش
دەکەم بەسایەو سێبەرم
شیعرێکی گریاوی خۆشم
دەهێنم..دەیکەمە بەرم
غەریبێکیش ڕادەسپێرم
بیکا بەشیوەن لەسەرم
*

لەدوای تۆ
من دەمرم
مناڵی گەڕەك و
سەرخۆشی شەوان و
چۆلەکەی سەربان و
درەختی حەوشەکەت
دەزانن..
خوێنی من تۆ ڕشتت
ڕۆحی من تۆ کوشتت
*